

# ئێستاش سەوسەن لە چاوەڕوانی

دوای ئـــەوەی ناســـکەو دوو براکـــەی لە تەماشاکردنی فیلمی تایتانیك بوونەوە، ناسکە ئاوڕێکی دایەوە بۆ لای سەوســـەنی دایکی، تەماشـــای کرد چاوەکانی بە فرمێســـکەوەن، ئینجا بە دایکی وت باوەڕناکەین میســـالیەتی وا لە خۆشەویســـتیدا هەبووبێت، ئەوە تەنیا لە فیلمدا هەیە، سەوســـەن بـــە خەمێکی قووڵەوە ســـەری بۆ کچەکەی هەڵبـــڕی و وتی: بەر لەوەی باوکی رەحمەتیتان بناسم بەسەرهاتێکی سەیرم بەسەرهاتووە، ئێستاش کە دیمەنەکانی ئەو بەسەرهاتە دێتەوە پێش چاوم دڵم مەراقێتی ئەو کـــوڕە ببینمەوە، دەزانی چۆن بوو؟ پاڵەوانێکی مـــەرد بوو کە بەراســـتی لە چەنـــد رۆژێکدا عەشقی بووم، بێ ئەوەی دواتر یەکتر ببینینەوە، چونکە هەموو پاڵەوانی داســـتانەکانی عەشق لەو کوڕە پێشـــمەرگەیەدا کۆببوونەوە کە نۆزدە ســـاڵ لەمەوبەر لەکۆڕەوە مەزنەکەدا لە مردن رزگاری کردم، بەڵام خۆزگە ئەوکات دەمردم و جێی نەدەهێشتم...

((لەراســـتیدا سەوســـەنی دایکی ناسك لە منداڵییەوە وەك کیژێکی تاقانەی ناو ماڵ بەبێ نازی باوك فامی کردبووەوە، باوکی سەوســـەن لەسەر ســـنووری ئێران ـ عێراق بۆ پەیداکردنی نان خەریکی کاری قاچاغچێتی بە قوماش و فستق و ســـەماوەرەوە بووە، دواتر لە کارەساتی هەرەســـهێنانی بەفرا کۆچـــی دوایی کردبوو، سەوســـەنیش لەگەڵ دایکیـــدا بەناچاری لەو شارۆچکەیەی لێی دەژیان سەری خۆیان بەرەو شار هەڵگرتبوو، دایکی سەوسەن بە نانەوایی و جلشـــۆری و خزمەتکاری ماڵانی خواپێداوانی شـــارەوە و بـــە ڕووی ســـوور و جوامێرانەوە، سەوســـەنی تا قۆناغی ئامادەیی گەیاندبوو، لـــەو ماوانەی ئەمی پێگەیاندبوو چەند جارێك داواکاری بۆ شـــووکردن هەبووە، تا لەدوا جاردا شـــووی بە مفەوەزێکی پۆلیس کردبوو، ساڵێك بەر لە راپەڕین کاتێك سەوســـەن وەك زۆربەی کات بۆ موتاڵاکردنی وانەکانی شـــەوێکیان لە ماڵی باپیرەی بوو کە چەند کۆڵانێك لە ماڵی باوەپیارەکەیـــەوە دوور بوو، بـــە دەنگی چەند دەستڕێژێکی گوللەو دواتر ناڵەی تەقینەوەیەکی گەورەوە داچڵەکی، بۆ بەیانی زوو سەوسەن بە ڕێکەوتبوو تا بچێ سەردانێکی دایکی بکات، چونکە شەو تا بەیانی زۆر خەونی ناخۆشی بە دایکیەوە دیتبوو، تەماشای کردبوو بەر دەرگای ماڵیان پڕی پۆلیســـەو ماشـــێنی ئیسعافیش راوەســـتاوە و دەرگاو پەنجەرەی ماڵکەشیان بە گوللە بێژراوە، ئەم دیمەنە ســـەرەتایەکی شووم بوو بۆ چارەنووسی نادیاری ئەم کچە نازدارە، دیمەنی کارەســـاتی کوژرانی باوەپیارەکەی و دایکی لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا سەوسەنی بە تەواوی بێکەســـوکار کرد، ئەو ساڵە ئیتر بە بەرگـــی رەش و بێزاری و گریانی بەردەوامەوە لە خوێندنی شەشی ئامادەیی دابڕا..

راپەڕین روویـــدا و دوای نزیکەی مانگێك تێپەڕبوون بەســـەر راپەڕیندا دیســـانەوە تانك و تۆپەکانی سەدام ناو شاریان بۆردومان کردەوە، سوپای رژێم بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەرەوە بەرەو داگیرکردنەوەی شـــارەکان هاتنەوە و ئیتر بەو بەیانییە پووری سەوســـەن کە بـــە دیار باپیرە پەککەوتەکەی سەوســـەنەوە بوو بە تکاو ڕجاوە پاڵـــی پێوەنابوو تا لەگەڵ خەڵکەکەدا کۆچڕەو بـــکات و وەك کیژێکـــی جاحێلی ناســـك و سەرنجڕاکێش نەکەوێتە بەر دەستی سەربازەکان، تادواجار رازی کـــردووە بەدوای ڕێچکەی بێ شوماری خەڵکی شاردا بڕوات...

دواتر لێرەوە سەوســـەن خۆی ساتەوەختەکانی کۆڕەو و چارەنووسی نادیاری خۆی بۆ ناسکەی کیـــژی دەگێڕێتەوە کە چی بەســـەرهاتووە))

سەوسەن بە ناسکەی کیژی دەڵێت:(لە رێگەدا بەچاوی پڕلـــە فرمێســـکەوە دەمڕوانییە ئەو خەڵکـــە بـــێ دەرەتانەی ژێر لێزمـــەی باران، هەموویان خانەوادەیـــان هەبوو تەنیا من نەبێت بەبێ کەس ملی تولە رێیەکی سەختم گرتبووە بـــەر، بۆیە لە هەموان زیاتر ترس دایگرتبووم، ترس لە رەقبوونەوەی بەر ســـەرماو باران، ترس لە کەوتنـــەوەی گوللە تۆپێکی ناگەهان، ترس لـــە دەعباو ئاژەڵی کێویی چیا بە ســـامەکان، بۆ نزیك عەســـر بێئەوەی ئـــاگاداری پێیەکانم بـــم کە لە رۆیشـــتنی بەردەوامدا ســـڕ ببوون گەیشتمە شـــوێنێك کە تاکە تاکە خێزان لێرەو لەوێ لەناو ئۆتۆمبیلەکانیان متەقیان لە خۆیان بڕی بوو، جار جار نەبێـــت زیقەی منداڵێکی برسی و تۆقیو بێدەنگی ئەو ناوەی دەشکاند، لە ماشێنێکەوە منداڵێك بۆ میزکردن قاپییەکەیان



دیمەنێك لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١

# گەڕانەوەی عاشقەکەیدایە

بۆ کردەوەو بەپەلە لەتاو سەرما دایانخستەوە، ئۆتۆمبیلەکان سیخناخ بوون بە نەفەر لەو چیاو چۆڵەدا لە شوێنی خۆیان راوەستابوون، منیش بەتەنیا هەموو گیانم لە خووساوەییدا هەڵمی لێ هەڵدەستا و چیتر ئەژنۆی رۆیشتنم نەما و کەوتمە سەر چۆکان و بەر چاوانم لێڵ ببوون، دامە پرمەی گریانێك و قیژاندم وەی دایە گیان فریام بکەوە، تۆ لە کوێی، وامردم لە سەرمانا، هێندەم زانی کوڕێك کە ریشێکی زەردو قەدوباڵایەکی بەرزی هەبوو، قەمسەڵەیەکی چەرمی قاوەیی کڵاوداری بەسەرەوە بوو وەك فریشتە گەیشتە سەرم و بە فڕکانێك منی خستە سەر شانی خۆیی و لە دوای چەند دەقیقەیەك رۆیشتن بە هەورازێکدا منی گەیاندە ژێر بەردێکی زەبەللاح کە ئاگری لەژێردا هەڵگیرسابوو، دوودیوی بەردەکەش بە نایلۆن و شڕە بەتانی داپۆشرابوو، وتی: هانێ ئەم پاروە هێلکەو نانە بخۆ و خۆت لەبەر ئاگرەکە وشك بکەرەوە من دەچم هەندێ داری تر دێنم تا ئاگرەکە نەکوژاوەتەوە، رۆیشت و نیوسەعاتی برد نەگەڕایەوە، جانتایەکی شین لە پاڵمدا بوو لەگەڵ کلاشینکۆفێك و چەند مەخزەنێکی نیمچە بەتاڵ لە فیشەك، دنیا بەرەو تاریکایی دەچوو، زنجیری جانتام ترازاند بلووزو تراکسوود و هەندێ کاغەزو پارەی تێدابوو لەگەڵ ناسنامەیەکی پێشمەرگەیی، بە دەست خۆم نەبوو لەتاو تەڕایی گیانم دەستم برد بۆ جلەکان ئینجا کەوتمەخۆ تا بە پەلە لەبەر ئاگرەکەدا جلە تەڕەکان دابکەنم و ئەوجلە وشکانەی ئەو کوڕە پێشمەرگەیە بپۆشم، جلەکانم لەبەر خۆم داکەنی بوو، خەریك بووم بە جلەکانی ئەوەوە تا لەبەریان بکەم لەپڕ کوڕەکە بە باوەشێك دارو چیلکەوە هاتەوە بۆ ژێر بەردەکە و هەردووکمان بە سەغڵەتی و ترس و گومانەوە لە یەکترمان ڕوانی، وتی عەفووم بکە، ئینجا بە شەرمەوە رووی خۆی وەرگێڕایە سەر جانتاکەو پێی وتم جلەکانم بپۆشە دەستی دایە چەکەکەی وتی ئێستا دێمەوە زوو خۆت بگۆڕە، دوای خۆگۆڕین سەرێکم لە نایلۆنەکەوە دەرکێشا دەبینم دەستی بە خوێنە و پێم وت ئەوە چیتە کاکە، وتی هیچ دەستی خۆم بڕیوە، دیار بوو برینەکەی دەستی قوڵ بوو خوێنەکەی بۆ رانەدەگیرا، ژێرکراسە تەڕەکەی خۆمم هەڵگرت و دڕاندم و بە پەلە دەستیم راکێشا و بە توندی بۆم بەست و بە تووڕەیی دەستی بردە پاشەوەو لەولامەوە دانیشت، ئەو شەوە تا بەیانی ناوەناوە قسەمان پێکەوە دەکردو یەکترمان ناسی و زوو زوو ئاگرەکەی خۆش دەکرد تا بە خۆم نەزانی و بەر لە خۆرهەڵاتن خەو بەر بینایی گرتم، نەمزانی چەندی پێ چوو بە دەنگێکی لەسەرخۆوە کوڕەکە پێی دەوتم سەوسەن خان من دەڕۆم، وتم یانی من بە تەنیا لێرەبم، لانی کەم لەگەڵ خۆت تا سەرسنوورم بگەیەنە تا کەسوکارم دەدۆزمەوە، ئەوەبوو هەر ئەو رۆژە گەیشتینە گوندێکی سەر سنوورو لەوێوەش لەگەڵ ئاوارەکانی تردا بە پشتی لۆری ئێمەیان گەیاند بە ئۆردوگایەکی شاری سەقز بەناوی کشاوەرزی بە درێژایی رێگە جار بە جار چاومان لەناو چاوی یەکتر گیر دەبوو، هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد لە پاڵیدا، لەو هۆڵەدا کە خەڵکەکەیان تێدا دانابوو، من و ئەو پێکەوە لە تەنیشت یەکتردا بووین زۆر بە حورمەت و رێزەوە شەوو رۆژمان دەکردەوە تا ئەو رۆژەی ناوچەوانمی ماچ کردوو پێمی وت ئاگاداری خۆت بە، من بۆ خەباتکردن بەرەو ئەزمەڕ دەچمەوە، هیوام وایە یەکتر ببینینەوە، خۆشم ویستیت؛ بەو قسەیەی تاساندمی، چونکە منیش زۆر هۆگری ببووم، چیدی نە ئەوم بینیەوە، نە خۆشەویستی، کچم ئەمە راستیە پەنهانەکەی ناخی دایکتە کە هەر لەگەڵما دەژی). ناسکەی کچی سەوسەن ئاونگی ئەسرین بەری چاوانی گرتبوو بە دایکی وت: تۆ لە رۆژی تایتانیکی کوردان دەچیت، دایە خوا فرسەتت بدا ئەو هەموو ساڵە وا چاوەڕوان بوویت!!. باشە پرسیارێك: نەتزانی بۆچی دەستی خۆی بڕی، سەوسەنیش لە وەڵامدا وتی: ئەو کاتەی لە ژێر بەردەکەدا منی بە نیوە ڕووتی بینی، دیار بوو ئارەزووی پیاوەتی گەرم ببوو، بۆ ئەوەی ئەو شەوە بە ئازارێکی سەختەوە بتلێتەوەو هیچ لە من نەکات بە چەقۆ دەستی خۆی بڕی، نەیزانی بەو کردەوەیەی تا سەر ئێسك عاشقم دەکات.

**ئا: ئەمیرە**




ئامادەکردنی: دیارسالار

هەموو ئافرەتێك كاتێك كەدەبێت بەدایك كێشەو گیروگرفتی زۆر زیاتر دەبێت لەچاو ئەو ئافرەتانەی كە هێشتا نەبوونەتە دایك و منداڵیان نەبووە، لەبەر ئەوەی كە پەروەردەكردن و بەخێوكردنی منداڵ یەكێكە لەپرۆسە هەرە قورس و گرنگەكان كە پێویستی بە هەوڵو كۆششی زۆر هەیە بۆ ئەوەی كەبتوانێت ئەومنداڵە پەروەردە بكات و بیكات بە كەسێكی ئاسایی، ئەوەی شایەنی وتەنە زۆرجار هەوڵدراوە بۆ ئەو ئافرەتانەی كە فەرمانبەرن منداڵیان هەیە كێشەكانیان چارەسەربكرێت، بەڵام نەتوانراوە لەبەر ئەوەی ڕێژەیەكی بەرچاوی كۆمەڵگە پێكدەهێنن و ناكرێت هەموو ئافرەتانی فەرمانبەر مۆڵەتیان بدرێتێ تا منداڵەكانیان گەورە دەبێت، بەڵام نابێت لەیادیشمان بچێت چارەسەرنەكردنی كێشەكان بۆ ئافرەتانی فەرمانبەر گەورەترین قەیران بۆكۆمەڵگە دروست دەكات.

گرانی نرخی دایەنگە ئەهلییەكان گەورەترین قەیرانە كە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بەباوەڕی خاتوو هێڤین ئەحمەد نەجیب كە فەرمانبەرە لە وەزارەتی سەرچاوەكانی ئاو، ناوبراو گرانی نرخی دایەنگە ئەهلییەكان بە گەورەترین كۆسپ دەزانێ كەرووبەڕووی دایكان دەبێتەوە، چونكە ئەو نرخە لەگەڵ باری داهاتی ئاسایی مووچەی فەرمانبەراندا ناگونجێت، پێویستە ئەو نرخە كەمكرێتە بە جۆرێك كە هەموو دایكێك مووچەیەكی كەمیشی هەبێت بتوانێت منداڵەكەی لەوێ دابنێت.

دووری دایەنگەو باخچەكانی ساوایان لە فەرمانگەكانمانەوە كێشەمان بۆ دروستدەكات، بەقسەی خاتوو شەیدا صەمەد حوسێن كە ئافرەتێكی فەرمانبەرە، لەبەر ئەوەی زۆربەی باخچەی ساوایان و دایەنگەكان ئەگەر ئەهلی بن یان حكومی بن دوورن لەو فەرمانگەیانەی كەدەوامی لێدەكەین، كاتێك كە منداڵەكانمان دادەنێین و تا دەگەینە شوێنی كاركردنمان، زۆر پاش دەكەوین، تەنیا چارەسەریش بۆ ئەم مەبەستە ئەوەی كە هەوڵبدرێت لەناو زۆربەی فەرمانگەكاندا دایەنگە بكرێتەوە بۆ هەموو ئافرەتە فەرمانبەرەكان بۆ ئەوەی بتوانن منداڵەكانیان لەوێ دابنێن.

خاتوو لەیلا حوسێن عەلی: دایەنگە حكومییەكان ڕێژەیەكی زۆر لە منداڵان وەردەگرن و هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەكی ئەوتۆیان نییە كە بتوانن وەك پێویست خزمەت بەمناڵەكان بكەن بۆیە بە هەموو فەرمانبەران ناچارن منداڵەكان بنێرنە دایەنگە ئەهلییەكان، بەرای من پێویستە كە دایەنگە حكومییەكان برەویان پێبدرێت و هەوڵبدرێت هەموو دایەنگەكان خزمەتگوزاری پێوستیان هەبێت.

زۆری دەوامی فەرمانگەكان هۆكاری دروستبوونی كێشەكانن، ئەمە قسەی خاتوو شەهناز كەمال وەلیدە كە فەرمانبەرە




# ...انی فەرمانبەر منداڵەکانیان لەکوێ دادەنێن؟

لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا زۆری دەوامی فەرمانگەکان کێشەی زۆری بۆ هەموو ئافرەتان دروستکردووە، ئەگەر تەماشابکەین ئەو کێشانەی کە ئافرەتانی ناو فەرمانگەکان هەیانە، ئەو ئافرەتانە نیانە کە مامۆستان لەقوتابخانەکان، چونکە دەوامی رۆژانەی ئافرەتانی فەرمانبەر زۆر دوورودرێژە لە کاتژمێر (٨) بەیانی بۆکاتژمێر (٣) پاش نیوەڕۆیە، لەکاتێکدا ئەم ماوەیە زۆرە و وادەکات کەبەشێکی زۆری رۆژەکە ئەو ئافرەتە لە دەرەوە بێت و نەتوانێت وەك پێویست چاودێری منداڵەکانی بکات، ئەگەربێت و کاتی دەوام کەمکرێتەوە، من لەو باوەڕەدام بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەر دەبن.

بوونی پشوویەکی وەرزیی بۆ فەرمانبەران پێویستە، خاتوو سەوسەن عەبدولواحید بوونی پشوویەکی وەرزی بۆ فەرمانبەران بەپێویست دەزانێ، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە فەرمانبەرانەی کە دایکن لەو ماوەیەدا توزێك ماندوبوونیان برەوێتەوەو بتوانن بەشێکی کارە سەرەکییەکانیان راپەڕێنن، هیچ نەبێت ماوەی ئەو پشووە وەرزییە کێشەی ئەوەمان نامێنێت کە منداڵەکانمان لەلای کێ و لەکوێ دابنێین.

خاتوو بەناز حەمەسەعید وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کە پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن دایکیەوە باشترین رێگەیە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە ببێتە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و تۆکمە، بەپێچەوانەوە ئەگەر دایك منداڵەکەی پەروەردە نەکات و لە دایەنگەیەك دا گەورەبێت، نابێتە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و بەتوانا. لەبەر ئەوە باشترین رێگەچارە ئەوەیە کە منداڵ لەلایەن دایکیەوە گەورەبکرێت، چەند رێگەیەکی کورتیش هەیە بۆ چارەسەرکردن وەك ئەوەی دەوامی ئافرەتانی فەرمانبەر کەمبکرێتەوە و چەند کاتژمێرێك یان پشووی وەرزی دابنرێت یان ئەوەتا مۆڵەتی دایکایەتی درێژبکرێتەوە، چونکە ئەمانە هەموو تارادەیەك رۆڵدەبینن لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا.

خاتوو بەهار خدر وای دەبینێ ئەگەربێت و سیستەمێکی باش لە باخچەکانی ساوایان ودایەنگا کاندا پەیرەوە بکرێت ئەوا ئێمە کێشەمان نامێنێت و هەموومان منداڵەکانمان دەنێرین، یان ئەگەر ئەوەش ناکرێت ئەتوانرێت هەوڵبدرێت نرخی باخچەکانی ساوایان ودایەنگا ئەهلیەکان بەجۆرێك بکرێت هەموومان بتوانین منداڵە کانمان بۆ ئەوێ بنێرین .

پێویستە لەناو دایەنگەو باخچەکانی ساوایاندا کەسانی پسپۆڕهەبن ئەمەقسەی خاتوو بەناز حەسەنە کەناوبراو وای بەباش دەزانی کە کەسانی پسپۆڕ شارەزا پێویستە هەبن لەو شوێنانەی مامەڵە لەگەل منداڵاندا دەکەن بەتایبەتی بوونیان لەدایەنگاو باخچەکانی ساوایاندا زۆرپێویستە تا هەموومان منداڵەکانمان لەوێ بن بەبێ کێشەو گیرگرفت.

حکوومەت پێوستە دایەنگاو باخچەی ساوایانی ئەهلی دابخات ئەمەباوەڕی خاتوو نیان عەبدوڵلایە، ناوبراو وای دەبینی کەپێوستە هەموو دامەزراوە ئەهلیەکانی پەروەردە دابخرێن بۆئەوەی تاهەموو خەڵك ناچار بن منداڵیان بنێرنەوە بۆ دامەزراوە حکومیەکان، ئەوکات هەوڵبدرێت بایەخ بە دامەزراوە حوکمیەکان بدرێت لەرووی مادی ومەعنەویەوە.

بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال..
Email: komelayeti@gulan-media.com
Mobile: 07504944607